

# بۆ جوانی لێوەکان رەنگی سوور شای رەنگانە

یەکێك لە سەرەنجڕاکشترین بەشەکانی رووخساری خانمان، بریتییە لە جوانی لێو. بەهۆی ئەوەی جوانییەکی کراوە وەردەگرێ و دەکرێ سوود لە گونجاندنی جوانی نێوان لێو و ماکیاژی رووخسار و چاوەکان وەربگرین و ئەنجامێکی گەورە بەدی بکەین، ئەمەش وەك رێگەیەك لە جوانکاری لێو، بۆ جوانکردنی لێو مەرجە کە رەنگێکی گونجاو دابندرێ کە لەگەڵ جوانی رووخسار و ماکیاژەکە بگونجێ.



رەنگی سوور یان سووری جەرگی، بۆ جوانی لێو شای رەنگانە، بەمەش خانمان دەتوانن سوود لەو رەنگە وەربگرن بۆ ئەوەی ناسکی و رازاوەیی بە لێوەکانیان ببەخشن، دوای دەست نیشانکردنی ئەو دوو رەنگە، دەکرێ بریقە هەڵبژێرین بۆ ئەوەی بریقەداری لەسەر لێو بەدی بکرێ، یان دەکرێ تەنیا رەنگەکان بەکاربهێنین.



# بۆ دیواری ماڵەکان


بە رێگای تازەگەری و نوێکردنەوەی کەرەستەکانی ماڵ دەتوانین سوودێکی گەورە و جوان بۆ جوانی دیکۆری ماڵەکان ئامادە بکەین، لە هەندێك حاڵەتیشدا جوانییەکان بە رێگەیەکی سادە و ئاسان دەستمان دەکەون، وەك ئامادەکردنی بۆیە و دانانی بەرگەکان بۆ دیوارەکان کە هەنگاوێکی گەورەن بۆ جوانی ماڵەکان، مۆدەیەکی تازە دەرکەوتووە بریتییە لە بەرگکردنی دیوارەکان بە نەخشە

# بۆ جوانی رووخسار چاوێلکە ئێکسوارێکە




ئێکسسوارەکان بە گشتی دەتوانن جوانی خانمان زیاتر و رازاوەتر بکەن، تەنانەت هەندێك لە ئێکسسوارەکان سەرەکی نین، بەڵام دەتوانن لە جوانی رووخساردا رۆڵی خۆیان هەبێت، یەکێك لە مۆدەکانی ئێکسسوارە ناسەرەکییەکان بریتییە لە : چاویلکە، وەك یەکێك لە کەرەستە ناسکەکان، کاریگەری لەسەر جوانی رووخساری خانمان درووست دەکات.

ئەوەی جوان بێ لە مۆدەی چاویلکەکان، دەبێ کراوەیی و ناسکی پێوە دیار بێ، بەمەرجێك لەگەڵ شێوازی رووخساری ئەو خانمە بگونجێ کە چاویلکەکە دەپۆشێ، وەك مۆدەیەکی باو و جیهانی، ئێستا چاویلکەی گەورە لە چاو دەکرێ، سەبارەت بە رەنگەکانیش کە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ جوانی چاویلکە، دەکرێ رەنگەکان لەسەر ویستی کەسەکە بێ، بەڵام ئەو رەنگانەی زیاتر سەرەنجڕاکێشن بریتیین لە : سوور- پەمەیی- زەردی کاڵ !



# جــوانی رەنگی سـ





کورد دەڵێن "ژن و ماڵ" واتە ژنە کە دەتوانی جوانی بە ماڵ ببەخشێ و دیکۆری ماڵەوە بگۆڕێ، هەر لەو سۆنگەیەوە دەبێ خانمان ئەرکی رازاندنەوەی ماڵ لە ئەستۆ بگرن. لە دانانی ستایلی جواندا خاوەن زەوقی خۆیان بن، لەگۆڕینی دیکۆردا دەبێ پەیوەستبن بە شێواز یان نەخش و رەنگی ئەو شوێنەی بۆی ئامادە دەکرێ. بە گرتنەبەری چەند هەنگاوێك دەتواندرێ جوانییەکی سەرنجڕاکێش بە ماڵەوە ببەخشن. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی جوانی دیکۆری ماڵ، بریتییە لە بوونی رەنگێکی جوان بۆ دیکۆرەکە.

چەندین رەنگ بۆ دیکۆری ماڵ دادەنرێ، ئەو رەنگانەش دەبنە رێگەیەك بۆ ناسکی و رازاوەیی گشت لایەنەکانی ماڵەکە، یەکێك لەو رەنگانە بریتییە لە : رەنگی سەوز، دەکرێ وەك رەنگێکی کراوە و ناسك لە ماڵدا سەیر بکرێ. واتە دەکرێ دیکۆرەکانی ماڵ لە رەنگی سەوزبن، چونکە سەوز رەنگێکە جوانییەکی بێ وێنە بە ماڵەوە دەبەخشێ.



## بەرگیش مۆدەیەکە

ئامادەکراوەکان.

ئەم نەخشانە لە بەرگێکی تایبەتدا ئامادەکراون، دەکرێ سوودیان لێوە وەربگرین بۆ ئەوەی لە دیوارەکان بدرێ، نەخشەکانیش بە چەندین رەنگ و شێوازی جوان ئامادەکراون، یەکێکیش لە نەخشە جوانەکان بریتییە لە نەخشی گوڵ و گوڵی جوان لە ناو ئەو نەخشانەی بۆ دیکۆری دیوارەکان هەبێ بە جوانترین شێواز دەردەکەوێ و دیوارەکان جوانتر دەکاتەن.

## ـەوز بۆ دیکۆری ماڵ











## پانتۆڵی قوماش
## یەکێک لە مۆدە سەرنجڕاکێشەکان

دەبێ زۆر شارەزایانە رەنگ و ستایلی جلوبەرگەکان هەڵبژێردرێن، بۆ ئەوەی لەگەڵ جەستە و جوانی خانمان بگونجێ، هەندێك لە جلەکان کار دەکەن لە جوانکاری جەستەی خانمان، بۆیە دەبێ ئەو جۆرە جلانە بە ناسکترین شێواز دەربکەون، وەك دەزانین ئەو جلانەی تەسکن و جەستە بە جوانی دەردەخەن، دەبنە مۆدەیەکی کراوە و جوان بۆ خانمان.

پانتۆڵ یەکێکە لەو جلوبەرگانە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین مۆدەی پانتۆڵ هەیە، هەندێکیان لە قوماشە یان لە جینز دروست کراوون، ئەوەی باسی دەکەین بریتییە لە پانتۆڵێك کە لە مادەی قوماش دروستکراوە، ئەو قوماشە بە شێوەیەکی ناسك و خاو لەسەر جەستە دەوەستێ، هەروەها کار دەکات لە بەرز راگرتنی مۆدەکان کاتێك لەگەڵ هەر جلێکی دیکە دەپۆشرێ، وەك بەدی و کراسەکان.

# پەنجەی سەیر!

لە پەندی کوردی دا هەیە کە پەنجەی دەستتان وەك یەك نییە، مەبەست لەوەیە کە مرۆڤەکان هەموویان لە یەك ناچن. بەڵام هەربەڕاستیش زۆرجاران پەنجەی دەست و پێیەکان بەقەد یەك نین و هەندێك کەس بە زگماك چەند پەنجەیەکی کەمە و هەندێکیش بەپێچەوانە چەند پەنجەیەکی زیادە. ئەوەی دەیبینن دوو حاڵەتی زیاد بوونی پەنجەکانە. منداڵێك لە کەنەدا، لە جیاتی (٥) پەنجەی هەبێ، (٦) پەنجەی هەیە و پەنجەی گەورەشی نییە. وێنەی دووەمیش ئەوەیە کە قاچی خانمێك لەبری (٥) پەنجە (٧) پەنجەی هەیە.





## بە دەم دارتاشی دەکات!

دارتاشی ئەرکێکی قورس و گرانە، بەڵام گەر کەلوپەلی پێویستت لەبەردەستدا نەبێ، ئەرکەکە زۆر قورستر دەبێ. دارتاشی وەك زۆر کاری دیکە کۆمەڵێك کەرەستەی خۆی پێویستە. گەر ئامێرەکان لەبەردەستدا نەبن لە کاری دارتاشیدا سەرکەوتن بەدی نایەت. کەچی ئەو پیاوە فیلیپینییە، باوەڕی بە ئامێرەکان نییە، چونکە تاخمە ددانێکی بەهێز و گەورەی هەیە، دەتوانێ تەنیا بە بەکارهێنانی ددانەکانی، گشت کارەکانی دارتاشی ئەنجام بدات. ئەم پیاوە ناوی (مینۆسای)یە و لە منداڵییەوە ئەوە پیشەیەتی.




## ژمارەی ئەو پیڵاوە چەندە؟!

دروست کردنی کەرەستە گەورە و سەیرەکان رۆژانە لە کاری تازە و نوێدا دەردەکەون، تەنانەت کارەکان بۆ وەرگرتنی نازناو و حاڵەتی تایبەت ئامادە دەکرێن، بەمەش دەبن بە یەکێك لە حاڵەتە سەیر و سەمەرەکانی مرۆڤ لەوەی چۆن کاری لەم جۆرە ئەنجام دەدەن.

دوو کۆمپانیای ئەمەریکی، وەك ڕێکلامێك بۆ کڕینی پێڵاو هاتوون ئەو پێڵاوە زەبەلاحەیان دروست کردووە. هەروەها کۆمپانیایەکی چینیش پێڵاوێکی زۆر گەورەی دروست کردووە پێڵاوەکەش بۆ ئافرەتانە.







## جگەرەکێشی هیندی

جگەرە ئەو بەڵا گەورەی مرۆڤایەتییە کە کەم کەس هەیە بتوانێ وازی لێبێنێ، جگەرەکێش جگەرە لەناو ئاو بە پێویستتر دەزانێ. جگەرەکێشەکان رەنگە رۆژانە نزیکەی (٢) پاکێت یان کەمتر بکێشن.

کەچی ئەو پیاوە هیندییە، رۆژانە زیاتر لە (١٠) پاکەت جگەرە دەکێشێ واتە "گلۆزێك"، (ریاهۆن)ی هیندی، جگەرەکێشانەکەی وەك لەهی مرۆڤی ئاسایی ناچێت کە تەنیا جگەرەیەك دابگیرسێنێ، ئەو (٥) جگەرە بە یەکجار دەکێشێت.





## پیاوی پڵنگ !

مرۆڤ ئەو بوونەوەرە سەیرەیە کە لە لاسایی کردنەوەدا گەیشتۆتە لوتکە. زۆر لە مرۆڤەکان بەهۆی ئۆگری و خۆشەویستیان بۆ گیانداڕێك یان مرۆڤێکی دیکە، دەیانهەوێ هەموو هەڵسوکەوتیان وەك ئەو گیاندارە یان ئەو کەسە لێبکەن. (تۆم لیبارد)یش یەکێك لەو کەسانە یەکە بە هۆی ئەوەی گیانداری پڵنگ، وەك خۆشەویسترین گیاندارە لەلای ئەو، سەرتاپای جەستەی لە نەخشی گیانداری پڵنگ نەخشاندووە، مام (تۆم) تەمەنی (٦٣) ساڵە، بۆ ئەم کارەشی بڕی ٥٥٠٠ دۆلاری تێچووە، ئێستاکە بە پیاوی پڵنگی دەناسرێ.

## کورسیش پێشبڕکێی پێدەکرێ

پێشبڕکێی مرۆڤ، سەگ، گا، وشتر هتد...مان بیستووە، زۆرتر پێشبڕکێکان لەنێوان گیانلەبەراندایە، یان لە نێوان ئەو کەرستانەی کە دەجولێن وەك "سەیارە، ماتۆرسکیل، پایسکیل، هتد" بەڵام هەتا ئێستا نەبیستراوە پێشبڕکێ لەنێوان کەلوپەلی دیکەدا بکرێ.



لە ویلایەتی (نیڤادا)ی ئەمەریکی، کە ویلایەتێکە گشت شەقامەکانی هەوراز و نشێوە، لەم ویلایەتە سەیرترین پێشبڕکێ دانراوە، ئەویش پێشبڕکێی کورسییانە، هەر ئەو کورسییانەی لە ماڵ و لە نووسینگەکان دادەنرێن. ئەوەی لە وێنەکەدا دیارە دیمەنێکە لەم پێشبڕکێیە.





## منیش شاجوانم !



بۆ بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی جیهان، کچە جوان و سەرنجراکێشەکان لە پێشبڕکێدان، بۆ ئەوەی کە بگەنە ئەو پلەیە، دیارە بۆ شاجوانی جگە لە ڕێکی جەستە، تەمەنیش وەبەرچاوگیراوە، بەڵام لە ولاتی ڤەنزوێلا ئەو ڕێچکەیە شکاوە و ژنە بەتەمەنەکانیش دەیانەوێ شاجوانی خۆیان هەڵبژێرن.

لە یەکێك لە ئاهەنگە تایبەتەکان، بۆ ئەوانەی تەمەنێکی زۆریان لە ژیانیاندا بڕیوە، ئاهەنگێکی تایبەت و قەشەنگ ئامادە کرا. لە ئاهەنگەکەدا سەدان پیاو و ئافرەتی بە ساڵاچوو بەشداربوون، لە نێو ئەوانیشدا ئەو خانمەی کە لە وێنەکەدا دیارە، بوو بە شاجوانی بە تەمەنەکان و خەڵاتیشی پێبەخشرا.

# کراسی حەلەویات؟!

کراس و بەدلەکانی بووك، یەکێك لە جوانترین جلوبەرگی خانمانە، بە گرنگترین ڕێگا دادەنرێ بۆ ئەوەی لە ڕۆژی ئاهەنگیان بە جوانترین شێوە دەربکەون، زۆرجاریش بۆ سەرنجراکێشانی دەوروبەر، لەم ڕۆژەدا جلوبەرگی تایبەتی و سەیرو سەمەرە لەبەر دەکەن، وەك ئەو وێنەیەی لە خوارەوە دەیبینن.


لە ولاتی هەنگاریا، لەسەر داوای بووك و زاوا، کراسی خانمە بووکیان لەبری ئەوەی لەلای بەرگدرو دروستی بکەن، لە شیرینەمەنی دروستیان کردووە، کراسێکی بووك، تەواو لە کێك دروستکراوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو، لە ڕۆژی ئاهەنگدا کراسی خانمە بووکیان پارچە پارچە کرد و هەرکەسەی پارچەیەکی خوارد و خانمە بووکیان ڕووتکردەوە.












**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

زۆر گرنگە ڕای کەسی بەرامبەرت وەربگریت لەو بابەتانەی پەیوەندی بە هەردووکتانەوە هەیە، ئەگەر ئەو کارە بکەی سەرکەوتنت مسۆگەرتر دەبێت و بەرامبەرەکەت هەست ئەکات کە خۆشەویستە لای تۆ.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو بڕیارانە جێبەجێ بکەی کە دەمێکە چاوەڕوانی کاتێکی گونجاو دەکەی بۆ ئەنجامدانی، پلانێکی نوێ دابنێ و بەرنامەیەکی نوێ پەیڕەو بکە بۆ ئەوەی بە ئاواتی خۆت بگەیت.




**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

خەم هەڵمەگرە کاتێك دەبینی هاوڕێیەکت هەڵوێستێکی چاوەڕواننەکراوی دەبێت بەرامبەرت، تەنها بیر لەوە بکەوە کە جارێکی تر بڕوا بە هەموو کەسێك نەکەیت و ئەوەش بزانە مەرج نییە هەموو هاوڕێیەکت دڵسۆز بێت بەرامبەرت.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

قۆناغێکی نوێ لەژیانت دەست پێ دەکات، چاوەڕوان بە هەواڵێکی خۆشت پێ دەگات کە پێشبینیت نەدەکرد، وەڵامێکی ئەو پرسیارەت پێ دەگات کە دەمێکە ئاواتەخوازی وەڵامەکەی بزانی.



**شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢**

قسەیەك مەکە ببێتە هۆی بریندااربوونی هەستی خۆشەویستەکەت، ئێستا لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستی پێتە و چەند کێشەیەکی هەیە کە حەز ناکات بیزانیت، تۆش ئەو بارودۆخە لەبەرچاو بگرە و بێ هیوای مەکە.



**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

چەند گرفتێکی بچووك دێنە سەر ڕێگات لەو کارەی ماوەیەکە ئەنجامی دەدەی بەڵام هەر زوو چارەسەریان دەکەیت و کۆتاییان پێ دێت، ئەگەر بە گرنگی سەیری ئەو کارە بکەی دڵنیابە دەستکەوتی زۆر گەورە چاوەڕوانت دەکات.

ئا/ هێمن قەسرەیی

# مرۆڤیش دەبێتە کورسی

ئەم نمایشەی دەبینن، یەکێك لە سەیرترین نمایشە جیهانییەکانە. چونکە کارەکە تا بڵێی ئەستەم و دژوارە، وەك یەکێك لەکارە ناوازەکان سەیری دەکرێ، ئەویش هەروەك لەوێنەکەدا دیارە، پیاوێك یەکێکی دیکەی کردۆتە کورسی، هەرچەند ئەو دوو گەنجە هیندییە لەو کارەیاندا هەست بە ماندوویەتی ناکەن.

(هیما و میهۆتی) دوو هاوڕێ یەکترن، ڕۆژانە لەسەر شۆست و شەقامەکان چەندەها نمایشی سەیر ئەنجام دەدەن، یەکێك لە نمایشەکانیان ئەوەیە کە یەکێکیان بۆ چەندین کاتژمێر لەسەر ئەوەی دیکە دادەنیشێ، بەبێ ئەوەی هەست بە ماندوو بوونیش بکەن.






# سەرکۆمارێک پایسکیل لێ دەخوڕێ

لەگەڵ ئەو هەموو بارگرژی و ئاڵۆزییەی کە لە وڵاتی ئێراندا هەیە، وادیارە سەرۆکی ئێران گوێ بەم گرژییانە نادات. یەکێك لە حەزەکانی سەرۆکی ئێران (مەحمود ئەحمەدی نەژاد) سواربوونی پایسکلە.
وەك دەبینن بە ئامادەبوونی چەندین بەرپرسی حکومەت و دار و دەستەکەی، بە پایسکلێك بەناو شۆست و شەقامەکانی وڵاتەکەی دەسووڕێتەوە.





# مۆبایلە گرانبەهاکانی جیهان

کەرەستە گرانبەهاکان لە جیهاندا گەلێکن، کەرەستەی وا هەیە نرخەکەی ئەوەندە بەرزە لە سەرووی خەیاڵییە. ئەوەی دەبینن یەکێك لە دوو مۆبایلە گرانبەهاکانی جیهانن..
یەکێکیان بەتەواوی لە ئەڵماس دروست کراوە، تەنیا هەندێك جێگای نەبێ. نرخی ئەو مۆبایلە (١٠٠٠,٠٠٠) یەك ملیۆن دۆلارە.
مۆبایلی دووەمیش لە ئامێرێکی دیکەیە کە لە زێڕ دروست کراوە نرخی (٢٦٥,٠٠٠) دۆلارە !



**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

دڵی کەسێکی خۆشەویستت شکاندووە و هەست بەوە دەکات کە تۆ بێ وەفابووی بەرامبەری، لەکاتێکدا خۆت ئەوەندە بیری لێ ناکەیتەوە، دووبارە پەیوەندی لەگەڵ درووست بکەوە و کۆتایی بە تووڕەبوون بێنە.




**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەفتەیەکی زۆر خۆش ناونیشانی حەفت ڕۆژی داهاتووە لە ژیانی تۆ دا، زۆربەی ئەو شتانەی خەونی پێوە دەبینی دەبنە ڕاستی. متمانەت لای هاوڕێکانت زیاتر دەبێت و لەوانەیە پلەت بەرز بکرێتەوە لەو بوارەی کاری تێدا دەکەی.




**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

ئەگەر خۆشەویستت نییە دەرفەتێکت دێتە پێش بۆ ناسینی کەسێك لەڕەگەزی بەرامبەر و درووستبوونی پەیوەندییەکی نوێی خۆشەویستی، باری داراییت باشتر دەبێت و بە جۆرێك پارە خەرج بکە کە ئایندەت لەبەرچاو بێت.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

هەست بە دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکەی کاتێك بۆ یەکەم جار دوای کۆتایی هاتنی پەیوەندی نێوانتان چاوت بە خۆشەویستەکەت دەکەوێت، سەرنجی ئەوە بدە ئەویش هەمان هەستی تۆی هەیە و نیگەرانە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

پێویستە بە چاوێکی تر لەژیان بڕوانیت، خەندە و پێکەنین بکە بە هاوڕێی بەردەوامی خۆت و ڕێگا مەدە گرفتێکی بچووك وات لێ بکات تەنها خەم هەڵبگریت، چاوەڕوان بە هەواڵێکی خۆش لەڕێگادایە و خەمەکانت لەبیر دەباتەوە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

بڕوات بە خۆت هەبێت و ئەو کارە هەڵبژێرە کە خۆت حەزت لێیە نەك بەقسەی دەوروبەرت بکەی، هەموو کاتێك ئەوە ئەنجام بدە کە دڵنیابیت تێیدا سەرکەوتوو دەبیت، پەیامێکت بۆ دێت کە نهێنی زۆر گرنگی تێدایە.


hemntoni@yahoo.com